کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
2-8-2007 23:58بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## تەقەی خۆشی و ئاڵای عیراق ... کاوە ئەمین



هەڵبژاردەی فوتباڵی عیراق سەرکەوتنی بەدەست هێنا، ئەم سەرکەوتنەی عیراقییەکان جارێکی دیکە نەتەوە بوونی ئێمەی کوردی لە باشوور خستە ژێر پرسیارەوە. میللەتێک کە بە درێژای دامەزراندی عیراق زوڵمی لێ دەکرێت، ئەنفال دەکرێت، جینۆسایدی بە دژ دەکرێت، گوندەکانی کاولووێران دەکرێت، کانیاوەکانی دەتەقێنرێنەوە و دەیان تاوانی دیکە کە لای کەسمان شارەوە نییە. ئاخر، من پێم وابوو کە لە ماوەی ئەم شانزدە ساڵەی ئازادی باشووری کوردستاندا، نەوەیەک پێگەیشتوون کە چیتر خۆیان بە عیراقی نازانن و بە ناسنامەی کوردییانەوە، سەر بڵندن و ئاڵای کوردستان جێ پێی بە ئاڵای داگیرکەر لەق کردووە. کاتێک سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، بڕیاری دا ئاڵای بەعس (عیراق) لە کوردستان شاربەدەر بکرێت، "هەمووومان" بۆماندا لە هاڕەی چەپڵە ڕێزان، ئەوەش لەبەر ئەوەنا کە ئێمەی کورد سووکایەتی بە ئاڵای خەڵکی دیکەوە بکەین بەڵکە لەبەر ئەوە بوو کە لە ژێر ئەو ئاڵایەدا کەرامەتی نەتەوەییمان خرابووە ژێر پێوە. لێ مخابن، دەبینین کە کوڕگەلی شارەکانی کوردستان بەو ئاڵایەوە سەما دەکەن و میراتی سەددام حسێن بە دەستی خۆمان لە شەقام و گۆڕەپانەکانی کوردستاندا دەشەکێننەوە، سەیرە دەڵێی نە بایان دیوە و نە بۆارن!. خەڵکانێک بە عەلی کیمیاوی دەڵێن: پیاوێکی مەردە، کو دەبێت پیاوی مەرد لە سێدارە بدرێت. ڕەنگە ئەوانەی کە تا دوێنێ بەکرێگیراوی عەلی کیمیاوی بوون، لە ئێستاوە لە نێو دڵی خۆیاندا، پرسەیان بۆ دانابێت. ئەمانە هەمووی بە بەرچاوی سەرکردایەتی کوردەوە دەکرێن و دەوترێن، بەڵام کەس لە گوڵ کاڵتریان پێ ناڵێت، دەستگاکانی ئاسایش لێپرسینەوە لەگەڵ ئەوانەدا ناکەن، کەچی ئەگەر ڕۆژنامەنووسێک بە ئاستەم ڕەخنەیەکی بچووک بگرێت، هەڵ دەکووتنە سەری و ڕاپێچی زیندانی دەکەن.

ئەوانەی کە ئاڵای بەعسیان بەرزکردەوە و دەستیان بە قونبادان کرد بۆ تیمی فوتباڵی عیراق، سووکایەتیان بە هەزاران شەهیدی ئەو نەتەوەیەوە کرد، کە نەک لە دەرەوە بەڵکە لە نێو زیندانەکانیش رازی نەبوون بۆ ساتێکیش تەنانەت بۆ ڕزگارکردنی ژیانی خۆشیان پەنا بۆ ئاڵای بەعس و عیراق بەرن، ئەوان ئەو ساتانەیان لە ژیانی خۆیان پی خۆشتربوو کە پێڵاویان بەسەر سەریی بەعسییەکانەوە ببینن، کەچی ئێستا لە کوردستانێکی ئازاد و دوور لە بەعس و عروبە، بە خۆشی خۆیان و بەبێ هیچ فشارێک ئاڵای بەعس لە کوردستاندا بەرز دەکەنەوە. ئەمە کارەساتە، ئەمە خۆبەکەمزانی و دووژمن بە گەوەرە زانیننە. ئاخر ئەوە نییە تیرۆریستە عیراقییەکان لە ژێر ئەو ئاڵایەدا، کەوتوونەتە پەڕاندنی سەریی کوردانی کەرکووک و موسڵ، ئیتر چۆن دەبێت هەمان ئاڵا لە کوردستانی ئازاددا بەرز بکرێتەوە. شێخ ڕەزا سەد ساڵ پێش ئێستا فەرموویەتی: "لە بیرم دێ سلێمانی کە دارولمولکی بابان بوو، نە سوخرە کێشی ڕۆم نە سوخرە کێشی ئالی عوسمان بو"، (ئەگەر لە نووسینەوە شیعرەکەدا هەڵەم کردبێت، دەبێت بمبوورن)، ئەی چۆنە ئێستا بە دەستی خۆمان، جارێکی تر دەبینەوە بە سوخرە کێشی عروبە و بەعس و ئاڵای لە خوێن هەڵکێشراوی بەعس لە شەقامەکاندا ڕادەوەشێنن و تەقەی خۆشی بۆ سەرکەوتنێک دەکەین کە هی ئێمە نییە.

لە کۆتایدا، دەبێت لە دەستەڵاتدارانی کوردستان بپرسین، بۆ ڕێگە دەدەن بە دەستی خۆمان سیمبوڵەکانی بەعس زیندوو بکەینەوە، منداڵانی کورد کە ئەمڕۆ تەنانەت زمانی عەرەبیش نازانن، هەلهەلە بۆ ئاڵایەک لێ دەدەن، کە دەیان کەڵە پیاوی کوردییان لە ژێریدا لە سێدارە داوە و دەیان خوشک و دایکمانییان لە ژێریدا ئەتک کردووە، بۆ؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.